# خەیاڵێکی خوێناوی

**دەقی: شێرزاد حەسەن**

**لە چ شەوێکی تاریکو پڕ لەبروسکو باران بوو کە گەرەکت بوو بە گەمەکانی خەیاڵێکی ئاگرینەوە، زستان لەناو دڵی تەڕو چۆڵەوانی رۆحە غەمبارەکەت ڕاو بنێت؟**

**دەبوو لەژێر رۆشنایی لەرزیوی چرا کزەکەدا پیتەکان کە دەبوون بەوشە... وشەکان دەبوون بەرستە و رستەکانیش بە پەرەگراف، ڕژانی خوێنێك ببینیت کە لەبری مەرەکەب دەڕژا...!**

**ئەی خەیاڵبازی نامراد دەبوو ببینیت لەبری فاریزە و خاڵو ئامرازەکانی پەیوەندی، خوێن نەخشەی خەیاڵەکەت لەسەر کاغەز پەرت دەکات، لەجیاتی نیشانەکانی پرسیار و سەرسوڕمان، پەڵەو ماکی خوێن لەسەر تەختی تەوێڵو لالێوی تەقیوو سەر سینەت دەنەخشێنێت... نەك هەر ئەوەندەو بەس...بەڵکو ئەو ماکو پەڵەی خوێنە دوای کۆچی سوورت لەسەر پەڕەی رۆحی هەر هەموومان... لەناو دڵی کوتراومان وەك دەمو دانو زمانی تۆ... بەقەد خەونو خولیاو خەیاڵە خوێناوییەکەت نیشانەی پرسیار و گومانو سەرسوڕمانت بۆ ئێمە بەجێهێشت!...**

**من رادەمێنم لە گوڵە سپییەکانی ناو باوەشت کەبە ترسەوە گرتووتن نەکا بەدەستتەوە هەڵوەرێن وەك خەیاڵت، مەگەر هەر خواوەندی عەشق خۆی بزانێت بۆ کام لەو کیژە غەمگینانەی ناو خانووە قوڕەکان دەتکرد بەدیاری... وای لەخۆم خەیاڵ خەراپێ... رەنگە بۆ هیچ کچۆڵەیەکیش نەبووبێت.. لە گوینە تەنیا چەپکە گوڵێکی سپی بێتو**

هیچی دیکە کە بتەوێت نائومێدی خۆت لەخودی عەشق بشاریتەوە، گوڵە سپییەکانی ناو چنگت شەرمی لاوێکی دەشتەکی دەشارێتەوە کەتازە هاتبێتە هەولێرێ، وەلێ هەرگیز ئەم گوڵە سپییانە بۆ کچی هیچ میر و بەگو کوێخاو پادشایەك نەبووە... هەرگیز... کچانی کۆشكو تەلارەکان پێویستیان بەگوڵی هیچ کوڕە کەچەڵێك نییە، چ دەستکرد و چ خواکردە، من پیرمو چاوەکانم کزبوون، لێتەوە دوورم، نابینم ئاخۆ گوڵەکانت لەباخێکی پەژموردەوە هێناون کەدوا رۆژەکانی بەهار وەك تەمەنت لەسەر پەڕی گوڵە سپییەکاندا رەش دادەگەڕێن‌و هەڵدەپرووکێن، یان چەند دانە گوڵێکی کاغەزین، ئاخر ئێمەی کوڕانی ماڵە هەژارەکان لەکوێمان بوو گوڵی زەرد و سوور سپی خواکردە؟

دزینی گوڵێکیش یان خەونێك باجەکەی خوێنی سەرە...

((باخچەی پاشا لەوبەر ئاوە،

خێڵی دوژمن دەورەی داوە،

دەرۆم: رێگام لێگیراوە،

نارۆم: چاوکاڵ لێم تۆراوە!))

گوڵە سپییەکانت بەرلەوەی بگەنە ناو ئینجانەی دڵێك خوێناوی بوون‌و هەڵوەرین!...

تۆ چۆن نەتزانی فڕینی خەیاڵ تا باڵەخانە بڵندەکانی خواپێداوەکان پێکرانی مەلێکی بەرزە فڕە کە راوچییە دڵڕەقەکان کەوکوژی بۆی دانیشتوون، پەنجەکانی شایەتمانەیان وا بەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکان، گوللەیەك گڕ لەسینگۆڕکی بەردەدات، خەیاڵ

بەچەشنی کۆترێکی سپی دەنووك خوێناویو بە پەڕوباڵی هەڵوەریوەوە، هەر بەئاسمانەوە گەردەلوولی غەرەزبێکی رەش لوولی دەداتو بەرلەوەی بکەوێتە سەر زەوی هەڵۆیەکی سووری چنگ قولاپی تێیدەورکێ و دووتر لەو خەیاڵەی باڵی گرتووە رووەو ئاسمانێکی پڕ لەتەمو مژ و دووکەڵ دەیبات... هەمیشە سەرکێشی خەیاڵزەدەی هەژاری بووە، هەمیشە نەبوونی رەگی هاریو بزێویو مل لەچەقۆ سووینە. تۆ تا کوێ خەیاڵت فڕی؟ تا کوێ ویستت لەسنوورەکانی ئاگر و ئاسن بپەڕیتەوە؟ لەکوێوە دزینی شاگوڵێك بوو بە خولیات و شاجوانێك بەخەونت؟ چ ئەفسانەیەك فریوی دایت... کەلەشەقەی باڵ بدەیتو تا کەشکەلانی فەلەك بفڕیت...

((بە باخچەی پاشادا ورد گەڕام، خوارو ژوور،

زەرد هەبوو، بۆم چنیت، چنگ نەکەوت گوڵی سوور،

نازانم ئەمجارە دێیت بۆ شاییو هەڵپەڕکێ...؟))

پەریزادەی خەیاڵت زار دەکاتەوە و بەنازی پشکوتنی گوڵێکی دەگمەنەوە چ نازكو شیرین کەلام دەچرپێنێت...

(( نایەم.. گوڵ ماویەتی بۆ سەرم سوور چەپکێ!))

ویستت وەك کوڕە ئازای ناو داستانەکان کڵاوی ((سەخرەجن) بکەیتە سەرتو پاسەوانەکان نەتبینن و تەلیسمەکان بشکێنیتو گەمەیەکی عاشقانە ببەیتەوە کە تەنیا لەناو هەقایەتو بەیتەکاندا دەبرێتەوە... وەلێ هەیهات... هەیهات ... خەیاڵێکەو چ ئاسان دەپێکرێیت..

((ناتەوێت ئەم زامی سەر دڵەم لەباتی؟))

ئیتر تۆ کوژراویتو خۆش خەیاڵو شاگەشکە بەوەی شاگوڵی باخەکانی ناو خەونەکانت بەدەم گریەو شینەوە.. دوای کۆچی سوورت..

((هەی هاوار! تفەنگی دوژمن پێکاتی؟

راکشیٚ تاویٚ سەر بنیٚ سەرانم

با بگریم بۆ دڵیٚ، بۆ گوڵیٚ دۆڕانم!...))

هاوڕیٚ هەڵوەریوەکەم.. وەك (( دۆن کیشۆت)) چ کتێبێکی شەیتانی فریوی دایت کە سواری خەونی خۆت ببیتو بەشمشێرێکی دارینەوە پەلاماری هەرێمە حەرامەکان بدەیت، لەبەرانبەر دێوەکانو خێوەکانی ئەودیوی تەلبەندو شووراو دیوارە زۆر بڵند و مەرمەڕییەکاندا بجەنگیت، چ وشەیەکی پەنگرو چ رستەیەکی بوێر چ مانایەکی شاراوەی ناو رۆحە راچەنیوەکەت تۆیان برد تا ئاقارەکانی مەرگ؟ کە لەوێندەرێوە جگە لەهاوارێکی کوژراو و خەیاڵێکی خوێناویو ناڵە و نرکەیەکی دوای ئەشکەنجەو داکەوتوو لەتەك دوا هەناسەی تاساو لەسینەتدا هیچمان بۆ بەجێنەهێڵیت...هیچ... هەر هیچ!

چی وای لێکردیت خەیاڵ مەستت بکات کە وا مەزەندە بکەیت کە دەنێو یەکێك لەباخچەکانی پاشادا، سەوز و گەش و رازاوە لەهەر چوار وەرزەکەدا، شازادەیەکی خەوتوو لەسەر پێخەفی گولچندا چاوەڕێتە؟ پەریزادەیەك کەسیحرێك وای لێکردووە هەرگیزاو هەرگیز بێدار نەبێتەوە، پادشاو دەستو پێوەند چاوەڕێتن بەماچێکی عاشقانەو حەکیمانەو گەرمی تۆ زیندوو بێتەوە و چاوەکانی دوو ئەستێرە ئاسا بدرەوشێنەوە، پادشاش دەنێو خەنیو خۆشی چاوکردنەوەی کچە نەخۆشەکەی، رەنگ

زەرد و لارەمل وەك گوڵە مێلاقە، سۆزی ئەوەت پێدەبەخشێت کچە تاقانەکەی دەقەبێڵی تۆ بکاتو زەماوەندێکی شاهانەت بۆ گەرم بکات..! نا دەشتی.. نا... ئەفسووس هۆ زاوای بەزام کوژراو.. بەدبەختی تۆ لەو خەیاڵە خۆشانەوە هات، ئەی فریوخواردووی دەست هەقایەتە درۆزنەکان، کڵاوی (سەخرەجن) درۆیەکی دێرینە، شکاندنی تەلیسمەکانو پەڕینەوەش لەپەرژینی دەوری بەهەشتی خوداکان کوفرێکی گەورە و نەبەخشراوە! ئەو منداڵە هارو هاج و بزێوە چۆن لەتۆدا زیندوو بۆوە کە بوێرێت بپرسێت:

((هۆ دایکە.. خودا و بەهەشتەکەی وا لەکوێدا بۆ نایبینم؟))

((وا لەئاسمانێ... رۆڵە شیرینەکەم.))

((ئاخر.. ئەمن حەز دەکەم بیبینم!))

((ناکرێت جەرگی دایە.. ناکرێت.. کەگەورە بوویت.. پتر دەیناسیت. ))

کەمەکێ گەورەترو قولانجێکی دیکە باڵات کرد، هێشتا سمێڵت گووگرە نەببوو، کەچی خوداوەندەکانی سەر زەمین کە ماڵەکانیان وەك چلچرا بەئاسمانەوە هەڵواسرابوون، سەرگەرمی عەیشو نۆش دەنێو کۆشكو قەڵاکاندا کەبەسەر گردو شاخەکاندا دەردەوشانەوە، شەوانە رۆناهی چراخانەکانیان ئەوەندە بەتینو تاو بوو کەتا گەڕەکی دۆمو قەرەجو پێی پەتیو دەرۆزەکەرەکان دادەڕژا، وەلێ هەرگیز ئەو رۆشنایيە نەدەگەیشتە کەلاوەکانو دڵە تاریكو داڕماوەکانی ئێوە.. هەرگیزاو هەرگیز.

قولانجێکی دیکە باڵات کرد...

((دایکە.. ئاگات لێیە.. هەمیشە ئەوان لەبڵندایی‌و ئێمەش واین لەنێو کەندو لەندەکاندا..؟))

(( خوا پێداون کزەی جەرگەکەم.. ئەوەندە پرسیاری سەرەخۆرە مەکە.))

(( ئەوانی خۆشتر دەوێت.. دایکە بۆ نەیدا بەئێمە؟))

(( حیکمەتی ئیلاهییە.. کوڕەکەم.. ئەوەندە بیژمۆت مەبە.. جەرگم مەسووتێنە.. ئەم سەرە سەری خۆت نییە. داسەکنێ!))

وای لەدایکت.. ڕەنج بەخەسارێ ... وای لەخوشکە شەرمنەکانت.. هەش بەسەرێ..

(( هۆ دایکە.. کە گەورە بم وەك هەقایەتی کوڕە کەچەڵ دەبمە عاشقی شازادە یان بەگزادەیەك؟))

ئەوە هەقایەتە.. هەقایەتیش پڕە لەدرۆ و شتی سەیروسەمەرە.. فەراقە و جحێڵتر بوویت، بەرلەوەی لەحیکمەتەکانی ئاسمان‌و سەر زەمین تێبگەیت، بەرلەوەی یەکەمین چیرۆکی پڕ لەخەیاڵ‌و درۆزنانەی عەشقێکی ناکام بگێریتەوە، زار و زمانیان لێسەندیتەوە، کەچی "شەهرەزاد" هەزارو یەك شەو بە گێرانەوەی هەقایەتەکان و خەیاڵەکانی خۆی شەهریار"ی سەرمەست کرد، شەهریار–ێك کەخوێنی سەدەها بووکی یەك شەوەی وەك پێکە شەرابەکان خواردەوە، کەچی ڕۆحی شەهرەزادی بەخشی‌و سەرفرازی کرد، کەچی لەم مەملەکەتە بێ خەون‌و خولیاو خەیاڵەدا، مەملەکەتی خوێن‌و خەم، شەهریار–ێك نادۆزیتەوە شاگەشکەو بەخشندە بێت لە بەرانبەر حەقایەتخوانێکی خۆشخواندا.. بەرلەوەی بڵێیت هەبوو. نەبوو.. کەس لەیەزدان و پاشا گەورەتر نەبوو.. کۆتاییت هات..!

بەرلەوەی یەکەمین سێوی حەرام بخۆیت، بەرلەوەی زارت بەقسەیەکی ئاگرین بکەیتەوە.. پشکۆیەك زمانتی سووتاند، لەگەڵ یەکەمین پرسیاری سەرەخۆرەت پێشبینی دایکت هاتە دی..

" رۆڵەکەم.. ئەم سەرە سەری خۆت نییە ! "

ئۆو.. هەروەکو منداڵە پاكو بێ نیازەکەی ناو چیرۆکەکەی "ئاندرسن" هاوارت کرد..

" هۆ میرو پادشاکان ئەنگۆ رووتن ! "

سەرنگومیان کردیت.. یەکەمین گومان و پرسیار کە لە زارتەوە وەك دوو تنۆك خوێن داکەوتن، لەتەقینەوە و شەقژنی گوللەکان لەناو دەمتدا بەئاستەم و دووبەرا گوێمان لێبوو..

" پادشام ئەنگۆ هیچتان لەبەردا نییە ! "

یەکاندەردوو هەر هەموو دەرگاوانەکانو دەستو پێوەند و شاعیرانی دەربار و یاساوڵەکانو وەزیر و گزیرەکان..هەر هەموو بەرگدرووە درۆزنەکانی وڵات بەدەم ژاوەژاو و هەراوە دەنگیان هەڵبڕی..

" گەورەم.. منداڵەو کاڵفامە.. ئەوەی لەبەرتۆ دایە بەرگێکی ئەفسوناوییە ! "

وای لەتۆ.. وای لە تۆ کە دەتویست منداڵانە بەدەم بای غارەوە خۆت لەبن دەستو پێی هەر هەمووواندا خۆت بشاریتەوە و سادە و ساکارتر لەرۆحی ساوات بەدەم قریوەوە بیدرکێنیت..

" سا بەسەری دایکم.. هەمووتان رووتن."

من یاخەی کراسە سپیەکەت دەبینم کەتا سەر سینەت خوێنی هەڵمژیوە، جێگەی کەڵبەی دڕندەیەك بەسەر لاملی چەپتەوە.. نا..نا ..لەجێ قەپی ئادەمیزادێك دەچێت کە لەمنداڵییەوە ڕەوە گورگێك پێکەوە بەخێویان کردبێت، برینی جێگازێك بەلای لێوی هەڵتەقیوت، جێ جڕنووقێك بە لاجانگەتەوە کە مەحاڵە بزانم کە هی کام یەکێك لەدڕندەکانی ناو ئەو جەنگەڵەی پشت ماڵمانە !..

چ خولیایەك بوو کە تاوەکو هەرێمی خەونە حەرامەکان تۆی برد؟ چ خەیاڵێکی خوێناوی بوو کە تۆی خنکاند و ئەو هەموو خەم‌و حەسرەتەی دەنێو دڵەکاندا بارکردو ئەو هەموو دڵانەی هەڵڕشتە سەر جادەکان‌و ناو ماڵەکان‌و کۆڵانەکان کەخوێن دەدەڵێنن..

وای لەمن ڕەنج بەخەساریێ.. تۆ ئۆغرت کردو نەتزانی چەندە چاوەڕێت بووم، نەتزانی دوا خەفەتی من چیبوو کە هەتا کۆچی سووریشت وام لێناکات شەرم بکەم و بیشارمەوە ، تۆ بەم خەیاڵە خۆش‌و هەم جەهەننەمییەت منیشت سووتاند.. ئاخر دەکرا.. دەکرا.. هۆ ئەندیشەبازی لاوچاك کەمەکێ کۆچەکەت دوابخەیت، دەکرا لە کوێرە گوندێکی پڕ لەکوخت‌و کۆلیت‌و کەلاوەی شان شکاو و بەحاڵ بەپێوە وەستاو، چ لەبناری سەفین یان پێدەشتی هەمیشە غەمگینی قەراج‌و کەندێناوە، کچان و کوڕانی تازە سەر لە هێلکە دەرهاتوو کە بەرلەوەی پەڕوباڵ دەربکەن، حەز بەفڕین دەکەن، دەکرا لەقوتابخانەیەکی گڵیندا، بەرتەنگ‌و چکۆلانە کە دیوارەکانی ئەوەندە لەیەکدی نزیکن و بنمیچەکەی ئەوەندە داکەوتووە کە لە گویندا بێت پەراسووەکانی منداڵەکان بشکێنن، ئەوەندە تاریك کە وشەکانی سەر تەختەرەشەکە نەبینن، دەکرا بەو خەیاڵە خۆشە و بەو چرا داگیرساوەی ڕۆحت پۆلەکانت ڕووناك بکردایەتەوە،

دیوارەکانت دوور بخستایەتەوە لە دەندەو پەراسووی قوتابیەکان، بنمیچەکەش کە لەوەدایە بروخێت بەسەر کەللەسەری وەك هێلکە ناسکیان، دەکرا دەستێکی بدەیتە بەرو رایبگریت، بەدەستەکەی دیکە لەسەر تەختەرەشەکە یەکەمین وانەی (خەیاڵ)یان پیّ بڵێیێیتەوە، وانەی یەکەمی فڕینو روانین تا مەوداکانی ئاسۆی بەربەرین بەو منداڵانە بڵێیتەوە کە کەمو زۆر لەسەر دەستی ژمارەیەك لەباوکەکانو مامۆستاکانو مەلاکانو سیاسەتبازەکان خەونو خەیاڵیان کوژراوە، لەبری پەنجەرەیەکی چکۆلانە، دەکرا چەندین پەنجەرەی گەورۆنە دەنێو رۆحیاندا بکەیتەوە، چەندین چاوی دیکەیان بۆ قەرزبکەیت کە وەك چاوی هەڵۆ تیژو دووربین و وەك چاوی چۆلەکەش ئاسا کە هەر چوار دەوری خۆیان ببینن.

دەکرا نەهێڵێت وەك نێچیرێکی شکەستەباڵ چەند راوچییەك بیانخەنە ناو تەڵە و داوەوە، دەکرا فێریان بکەیت کە خەیاڵی خوێناوی ڕاوکەرەکان بخوێننەوە، خەیاڵی کوشتنو ڕاوکردن. ئەو خەیاڵکوژانە مەکتەب بە "جێڕاوگەی شەیتان" دەزانن‌و خەیاڵیش بەگەمەیەکی شەیتانی‌و رەش کەتەنیا ئیبلیس خۆی دەزانێت دەمانباتەوە سەر چ مەملەکەتێکی پڕ لە کتێبە قاچاغەکانو سرووودە سوورەکان.

دەکرا هاوڕێ وەك " سەمەدی بەهرەنگی"ی چیرۆکنووس کە مامۆستای یەکێك لەکوێرە گوندەکان بوو کەتەنیا لەسەر یەکەمین وانەی "نان" کوژرا کە تیایدا وتبووی..

" گەر نان هەیە، هەقە بۆ هەر هەمووان بێت، گەر نان نییە، هەق وایە هەر هەموومان پێکەوە برسیمان بێت!."

دەكرا دووەمین وانەی تۆش، وانەی (نان) بووایە، ئاخر (خەیاڵ) كە تۆی بەكوشتدا ترسناكترین وانەیە لەمەملەكەتی پیاوە – داهۆڵەكان... داهۆڵەكان بیٚ خەونو خەیاڵن. ئەو پیاوانەی كە مەلەكان دەكوژن بەحەواوە، بەتەنیا تەماعێك نییە بەگۆشتی تورتو بەتامیان، بەڵكو ترسێكە.. ترسێكی كوشتندە لەفڕینو باڵگرتنەوەو باڵكردنەوە بۆ خەیاڵ. ترسە لەوەی وەك نەورەسەكەی "باخ" بەتەنیا بەرز بفریتو خۆت لە پۆلە نەورەسی نزم هەڵفڕیو جیابكەیتەوە.

یان ترسە لەلادانی بزنە شێت لەراستە ڕێگا و هەڵەتەبوون بەكوێرە ڕێگاداو خواردنی گیای حەرامو خۆجیاكردنەوە لەمێگەل..!

لەئاكامیشدا قۆچ شكاندن..

تۆ چۆن وێراویت خۆت بە "ئیبراهیم" بشوبهێنیت و گوایە گەرەكتە بتەكان بشكێنیت، لێرەداو هەنووكە (ئیبراهیم)ەكان بۆیان هەیە چەقۆ بخەنە سەر گەردنی (ئیسماعیل)ەكان، جگە لە گوێرایەڵی بۆ فەرمایشتە رەهاكان، كوڕەكان بۆیان نییە چاوان هەڵبێننو بپرسن:

" باوكە.. بۆچی و بۆ كیٚ دەمكەیت بە قوربانی؟"

چما تۆ نەتدەزانی تۆ خۆت ئیسماعیل–یت، پرسیارێكی وا خوێناوی یەكێكە لەكوفرە گەورەكان، گەرچی یەزدان هەر زوو فریای ئیسماعیل كەوتو لەبری خوێنی ئەو، قوربانییەكی لەئاسمانەوە نارد، وەلیٚ تۆ كە لە نەوەی پەیامبەرەكان نیت، ئیسماعیل–ێكی تەنیا بوویت و سەد چەقۆش بەسەر گەردنتەوە سەمایان دەكرد، هیچ فریشتە یان

شەیتانێك فریات نەکەوت.. قوربانییەکان وان بەڕیز وەستاون و مل لە موو باریکتر، ئیبراهیمیەکان بەخۆیان تیغەکانیانەوە چاوەڕێن..!

وای لەخەونی خراپ.. خەونێك کەگێرانەوەی باجێکی گەورە بوو، باجێك کە خوێنی سەر بوو، خۆ تۆ "یوسف" نەبوویت تاوەکو بڵێیت: "هۆ باوکە من خەونم بینی کە یازدە ئەستێرە و خۆر مانگ کرنووشیان بۆ بردووم" کەچی بەغالەت و ئیرەیی براکانی کوێر کرد و .. وتیان: "باوکە..یوسف لەگەڵ خۆماندا دەبەین بۆ سەیران!" لەوسەر بەبێ یوسفو بەکراسە خوێناوییەکەیەوە گەڕانەوە..

"باوکە.. گورگ خواردی..!"

یوسف وەك تۆ نەبوو بەختی یار بوو، خودا خۆی یاوەری بوو.. لەبنی بیرێکەوە بۆ کۆشکی شاهانەی عەزیزی میسریو شەیدایی زولەیخا.."یەعقوب" ی باوك کوێرایی داهات ئەوەندەی بگری...

وەلێ تۆ.. ئەی یوسف–ی تەنیا و نامرادو ئافەرۆز، تۆ نەك کراسێکی خوێناوی، تۆ وەك یوسف–ێك کە سەدەها خەونو خولیا لەناوچاوانیدا کوژرا بن، لاشەیەکی شەلاڵ لەخوێنت گەڕایەوە بەردەمی باوکە، نە مەردوومەکانی سەر زەوی فریات کەوتن، نە تۆ لە پشتی پێغەمبەرەکانەوە داکەوتبووی تاوەکو لە زریکەی یەکەمی زانەوە تا گەیشتن بەتەختی پادشاهی یەزادن خۆی یاوەرت بێت.. هەناسە بەهەناسە... هەنگاو بەهەنگاو .. تۆ کەچی تۆ.. هەر بەراستی ڕەوە گورگێك لەتو پەتی کردی ...

هۆ فەرزەندی فریو خواردووی هەقایەتەکان، هەقایەتی گوێ ئاگردانی داپیرە ددان کەوتووەکان.. داستانەکان لە خشتەیان بردیت، واتدەزانی گەورە دەبیتو هەروەك

کوڕە کەچەڵ دەکەویتە ناو مەملەکەتێك کەئانو سات پادشا مردووەو باز هەڵدەدەن، بازیش لەسەر سەری کێ بنیشێتەوە تەختو تاجی پاشا بەمیراتی بۆ ئەو دەبێت، تۆش گەدا و گەڕیدە و ڕێبوارێکی وێڵ، بەتەماعو خەونی تاج، فریوخواردوو بەهەقایەتەکانی نەنکتو ئەوە خوایە بازەکە لەسەر سەری تۆ بنیشێتەوە، کەچی  بازی تاین هەڵدرا رووەو ئاسمان، بەسەر سەری هەر هەموو حەشاماتی مەملەکەتدا چەندین جار بەرزو نزم هەڵفڕیو خولایەوە.. خولایەوە... هەر هەمووان سەرسامو چاو لەمۆڵەق و چاوەڕێ، تا دوا جار بازەکە وەك تیرێك لەکەوان دەرچوو .. تیژ و هار رووەو تۆ بەتاو دادەبەزی، خۆشی لەخۆت... ها ئێستا نا.. ها تۆزێکی دیکە لەسەر سەری قەلەندەرێکی وەك تۆ دەنیشێتەوە و تەخت و تاراج حەڵاڵتە و کچی پادشاش لەباخەڵتە...

وەلێ ئەفسووس... دیسانەوە بەختی ناپوختت نەیهێنا.. بەدەرو دوور لەهەموو هەقایەتەکانی نەنکت.. بازی تاین وەك فڕندەیەکی شەیتانیو برسی بەخوێن و گلێنەی چاوەکانت، بەدوو دەنووك وەشاندن چاوەکانتی هەڵکۆڵیو سۆماییت رژاو هەردوو گلێنەی چاوەکانتی بەوردترین دەمارەوە لەرەگەوە دەرهانیو فڕاندنی.. کوێری کردیت.. هەتا هەتایە تۆی بە تاریکی سپارد، تا هەنووکەش کەس ئەو بازەی نەدۆزییەوە.. تۆش تا ماویت گەڕیدەیەکی وێڵ.. نابیناو رووت و رەجاڵ رێگاکان تەی دەکەیتو بۆ گلێنەی چاوەکانت دەگەڕێیت.. هەزار ئەفسووس...

سلێمانی 2010/5/13